لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# نەریتی پیاوسالاری لەدادگاش ژن بە کۆیلە دەزانێت



ئا: باوکی میدیا

(خانزاد) دوو سێ رۆژ بوو چووبۆوە لای خوشکەکەی، تەنیا ئەو دوو سێ رۆژە بوو، کە تۆزێك ئاسوودە ببوو، وەکو(نەزیرە)ی خوشکی دەیگوت(خانزاد) داماوە خۆ لە خۆشی خۆی نەهاتبووە ماڵی ئێمە، ئەوجا بریا لە خۆشی خۆی و بەسەردان بهاتبا، ئەوەندەی دنیایەکم پێ خۆش دەبوو، بەڵام ئەو لەدەست ئەو مێردە شەڕانگێزە و تووش و تووندە رایکردیووە ماڵی ئێمە، کابرا نەبێ ئەو دەحەوایەوە، نە لەگەڵ ئەویش ئیدارەی دەکرد ژنەی بەستەزمان گیری خواردبوو بەدەستییەوە، کە لە ماڵ دەبوو شەڕی پێدەفرۆشت و بەهانەی پێدەگرت و بەهۆیەوە لێی دەدا، ئەگەر لە ماڵیش نەدەبوو بە مۆبایل کاتژمێرێك نا کاتژمێرێك تەلەفۆنی بۆ دەکرد و سەدو یەك پرسیاری لێدەکرد و وەڕسی دەکرد، دواجاریش کابرا تەلەفۆنی کردبوو،(خانزاد) یش لە ژووری مەتبەخ بوو، تا ئەو گەیشتێ تەلەفۆنەکەی داخرا و پێی رانەگەیشت وەڵامی بداتەوە، ئەوەندەی بەس بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و کارو کاسبی بە جێبێڵێ و بزانێ بۆ تەلەفۆنی هەڵنەگرتووە، کاتێك دەگەڕێتەوە بانگی دەکات ئەویش لەبەرچاوی ئەو لە مەتبەخکە دێتە دەرەوە ، ئیتر تەنیا یەك پرسیاری لێدەکات کە بۆچی وەڵامی تەلەفۆنەکەی نەداوەتەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی بکات وەردەگەڕێتە سەری و تێرو پڕی لێدەدات ئێ باشە بۆ؟

ژنەی قوڕبەسەر هەر لە مەتبەخ بووە لە ناو ماڵی خۆی بووە، ئێ باشە ئەو لێدانەی دەوێ؟؟ خوشکیشم لە تاوان ماڵەکەی بۆ بەجێدێڵێ و بەخۆ هەر دوو منداڵەکەیەوە دێتە ماڵی ئێمە، دوو سێ رۆژ لای ئێمە دەمێنێتەوە و مێردەکەم پێی دەڵێ هیچ خەم مەخۆ، خۆ تۆ بێگانە نیت، ئەوە ماڵی خوشکت نییە، ماڵی خۆتە، تا ماوی لەسەر سەری خۆمت دادەنێم و خۆت و منداڵەکانیش بە چاوان بەخێو دەکەم، پیاوەکەم، کە زۆر کەسێکی میهرەبان و دڵ و چاو تێرە، زۆری دڵی دایەوە، بەڵام خوشکەکەم پێی گوت: دەزانم کاکە(فوئاد) جەنابت لە برایەکەم زێدەتری و ئەگەر خۆشم بە غەریب بزانیایە قەت رووم لێرە نەدەکرد، بەڵام پێم خۆشە یەك دوو رۆژی تر بەخۆت قسەی لەگەڵ بکەی و ساردی بکەیەوە، ئێستا کە هاتوومەتە ئێرە لەبەر ئەوەی زۆری لێدام، ئەگەر نا ماڵم بەجێنەدەهێشت، بەڵام رەنگە ئەو وا تێبگات کە من لێی بێمنەتم بۆیە رەنگە هێندەی دیکە توورە و شێتگیر ببێ، ئەوجا لەسەر هەندێ تکات لێدەکەم، دەمەوێ بەخۆت بیهێنییە ئێرە و ئاشتمان بکەیەوە(فوئاد)یش گوتی: خەمت نەبێ ئەو ئێوارەیە لەگەڵ خۆمی دێنمەوە، دوای

نانخواردنی نیوەڕۆ (فوئاد) چۆوە سەر کار و بە ئومێدی ئێوارە(سیروان) ی مێردی (خانزاد)ی خوشکم لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە، کەچی دوای نیوەڕۆیەکەی، دەوروبەری کاتژمێر چوار و نیو بوو کە(سیروان) بەخۆی و دارێکی دەستی بەبێ لە دەرگا دان بە ژووریٰ کەوت، دیاربوو دەرگای حەوشەمان لەسەر پشت بوو ئەگەر لە دەرگای بدابایە دەمانزانی کە ئەوە، کە هاتە ژوورەوە من و (خانزاد) دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، بێ سەلام و کەلام بە (خانزاد)ی گوت: هەستە دەستی منداڵەکانت بگرە و وەرەوە، ئەویش منداڵەکانی لە ژوورەکەی ئەودیو خەواندبوو، پێی گوت: منداڵەکان خەوتوون ، ئێوارە لەگەڵ کاکە(فوئاد) دێمەوە کە وایگوت پری دایە قژی و بە قژ راکێشان بلندی کردوو ویەك دوو داری توندی خێوانده پشتی و رانی، (خانزاد)ی خوشکم لەگەڵ دار لێدانەکان بەربۆوە ئینجا بە شەق و شوڵاق و دارەکەی دەستی کەوتە سەری، ژنە لە تاوان هاواری دەکرد و دەگریا و دەیقیژاند، بەڕاستی منیش خۆم پێنەگیرا و هاوارم لێهەڵسا و بە توندی پاڵێکم پێوەنا و قیژاندم بەسەریدا و گوتم: تۆ چیت، پاڵەوانی یان میری سەر بری، یان ئەو ژنە کۆیلەی بن دەستتە؟ وا بە داران کەوتوویتە سەری، بۆ منیش هات، گوتم: دە ئەگەر خۆت بە پیاو دەزانی دەتوانی شەقێکی تری لێبدەی دەی برۆ دەرەوە، پارەو ونانێك هەر دەبێ لەگەڵمان بیخوات، گوتی: ئاوا دەرم دەکەی؟ گوتم: سەدجارانیش دەرت دەکەم، نەکەی پێت بنێیەوە ئەم ماڵە، بۆ وا دەزانی ئەو ژنە بێکەسە، یا کۆیلەتە، بە هەوەس و ئارەزووی خۆت بە دار و پێلەقە وەربگەڕێیتە سەری!؟ ئیتر پاڵێکم پێوەنا و دەرم کرد، هاتمەوە لای (خانزاد) و دەم و لووتی هەمووی خوێن بوو، جلوبەرگی خۆم گۆڕی و لەگەڵ خۆم بردمە نەخۆشخانە، لەوێ دوای چارەسەرکردن راپۆرتی پزیشکیان پێداین، یەکسەر لەوێش بنکەی پۆلیسی ئەوێ لێکۆڵینەوەی کرد و سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمارکرد، ئینجا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بۆ بەیانی دەستگیریان کرد و منیش چوومە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە شایەتیم بۆیدا کە چۆن مێردەکەی لێیداوە.

(خانزاد) لا چاوێکی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، بەشەرمەوە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە راوەستا و وەڵامی پرسیاری دادوەری دەدایەوە، کە وەرگرتنی گوفتاری ئەو تەواو بوو، بانگی (نەزیرە)ی خوشکی کرا بێتە ژوورەوە و قسەی ئەویش وەك شایەتی سەلماندو وەرگیرا، ئینجا بڕیاری گرتنی (سیروان)ی دەرکرد و دوای ئەوەی کە هێنایانە بەردەمی و گوێی لە قسەکانی گیرا، دادوەر بڕیاری گرتنی دا بۆ ماوەی هەشت رۆژ، دوای تەواوبوونی ئەو چەند رۆژە(سیروان) ئازاد کرا، بەڵام چیتر نەیتوانی هەڕەشە و گوڕەشەیان لێبکات یان بچێتە گژی و لێبداتەوە، پاش ئەوەی وردەکارییەکانی داواکە تەواوبوو، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی کێشەکە بدات.

کە رۆژی دادگایی دیاریکراو هەردوولا ئاگادارکرانەوە خوشکەکەم هەر لای من بوو لە کاتی خۆیدا لەبەردەم دادوەری دادگای تایبەتمەند ئامادەبوون و یەکەمجار پرسیار لە (خانزاد) کرایەوە و داخۆ چۆن لێیداوە بۆچیش لێیداوە(خانزاد) بەمشێوەیە گوفتاری خۆی بۆ دادگا بەیان کرد و گوتی: جەنابی حاکم ئەو کابرایەی کە لەبەردەمتان راوەستاوە، مێردمە، بەڵام بریا قەت تووشم بە تووشی مێردێکی وەها نەبوایە، ئەو وا دەزانێ من دیلێکم و کەوتوومەتە ژێر دەستی ، ئەوەی رێزە لێمنانێت، هۆیەکەشی چییە نازانم، کە لە دەرەوە کێشەیەکی دەبێ، یان بەشەڕ دێتەوە ماڵ تووڕەییەکەی خۆی بەمن بەتاڵ دەکات، یان لەو دوو منداڵە بچووکەم دەدات بۆ ئەوەی من قسە بکەم و لێمبدات، ئەو مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکات و جاری وا هەیە زیانی لێدەکەوێت و لە تووڕەییان نازانێ چۆن داخی دڵی خۆی هەڵبڕێژێ، جاری واش هەیە دەرفەتێکی لە دەست دەچێ، هەمدیسان، بە هەمان شێوە مامەڵەم لەگەڵدا دەکات، زۆریشی رق لە خوشکەکەم و مێردی خوشکمە، رۆژ هەتا ئێوارە جوێنیان پێدەدات، کەچی هەر ئەو مێردی خوشکەکەم بووە چەندین جار باربووی کردووە و هاوکاری دارایی پێشکەش کردووە، زۆر جاریش سوێند بە تەڵاق دەخوات کە نابێ بچمە ماڵی خوشکەکەم ئەوجا بۆ سەردان و میوانداری بێ ، یان بۆ هەواڵ پرسین بێت، من دایکم و باوکم نەماوە، تەنیا ئەو خوشکەم هەیە، بە من بێت هەفتەی جارێك دوو هەفتە جارێك بچمە لای یان ئەو بێتە لام، هەردووکمان لە یەکتر زیاتر کەسمان نەماوە، سەبووریمان بەیەك دێت، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەگەر چۆن مانگی جارێك سەردانی بکەم، هەموو برو بیانووییەکەشی ئەوەیە، وەڵڵا ئەوانە دەوڵەمەندن و لاف و گەزافمان لەسەر لێدەدەن، کەواش نییە، ئەو رۆژەش کە رۆژی رووداوەکەیە، تەنیا لەسەر ئەوەی پێرانەگەیشتم وەڵامی تەلەفۆنەکەی بدەمەوە، هاتەوە تێری لێیدام، منیش بۆ ئەوەی کێشەکە، کە هیچ نەبوو، گەورەتر نەکات چوومە ماڵی خوشکەکەم، کەچی هاتە ئەوێش و تەنیا گوتی : هەڵسە وەرەوە هێشتا وەڵامیم نەدایەوە بەدار و شەق کەوتە گیانم، ئێستا لە مافی خۆم خۆش نابم و داوای رێککاری یاسایی دەکەم و جارێکی تریش ناچمەوە لای.

دوای تۆمارکردنی قسەکانی (خانزاد) نۆرەی (سیروان) هات قسەی خۆی بکات و ئەویش گوتی: من لەوەی کە لێمداوە یان نە، بەڵێ لێمداوە، ئەگەرچی حەز ناکەم لێیبدەم بەڵام لەبەر ئەوەی کە شکاتی لێکردووم و دادوەریش قسەکانی پێ بری و پێی گوت: ئەو دەبێ لە تۆ خۆش بێت نەك تۆ، جا ئەگەر لە تۆ خۆش بوو، ئەوە باشە و داواکە بەهۆی پێکهاتنەوە دەوداخەین ئەگەر نا بڕیاری سزادانت دەدرێت (سیروان)یش گوتی: من دووپاتی دەکەمەوە کە لێمداوە و پەشیمانیش نیم لەوەی کە لێمداوە ، چونکە لەو بڕوایەدام ژن دەبێ گوێڕایەڵی پیاو بێت و لە قسەی دەرنەچێت، هەر ژنێکیش گوێڕایەڵی پیاوەکەی نەکرد پێویستە پیاوەکەی تەمبێ بکات، ئینجا دادگا هەوڵی دا ئەو دووانە لەبەر ئەوەی ژن و مێردی یەکن و بۆ ئەوەی شیرازەی خێزانەکەیان تێکنەچێت و منداڵەکانیان سەرگەردان نەبن، دەرفەتێکیان بداتێ و لە دەرەوەی هۆڵی دادگا نەرمی بنوێنن، دوای گفتوگۆیەکی نیو کاتژمێری هەردووکیان هاتنەوە بەردەم دادگا و (خانزاد) گوتی: من دەچمەوە ماڵی خۆم و مێردی خۆمم دەوێتەوە بەمەرجێك (لێدانم لەسەر هەڵگرێت) ئینجا کە نۆرەی (سیروان) هات قسەی خۆی بکات، لە جیاتی ئەوەی بڵێ بە قسەکانی رازیم کەچی گوتی: ژن ئەگەر گوێڕایەڵی پیاو نەبوو، پیاو هیچ چاری دیکەی نییە هەر دەبێ لێیدات، دادوەریش لەو قسەیەی(سیروان) تووڕە بوو، پێی گوت: تۆ لە جیاتی ئەوەی بڵێی کە بەڵێن دەدەم ئەو رەفتارە ناشیرینە دووبارە ناکەمەوە، کەچی سووری لەسەر و ئەو کارەی کە کردووتە و تاوان دروستدەکەیت!

دوای تەواوبوونی رێککارە یاساییەکان دادگا بڕیاریدا (سیروان) بە پێنج مانگ بەندکردن حوکم بدات، (سیروان) یان بردە دەرەوە و کەلەپچەیان لە دەستی کرد و سواری ئۆتۆمبێلیان کرد، لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دانیشت و تەماشایەکی (خانزاد)ی کرد وهەر هێندەی پێگوت: باشە با من زیندانی بکرێم و ئەوسا تۆش دەبێ چارەنووسی خۆت بزانی.

(خانزاد) چاوی پڕگریان بوو، دەستی منداڵێکی گرتبوو، ئەوی تریشی لە باوەش بوو، سەرێکی بادا و منداڵەکەی باوەشی توندتر بەخۆوە گرت، (نەزیرە) لێی چووە پێش و کلینکسەکەی دەستی دایە و پێی گوت: وەرە با بڕۆینەوە ماڵی خۆمان.

**(خانزاد) لا چاوێکی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، بەشەرمەوە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە راوەستا و وەڵامی پرسیاری دادوەری دەدایەوە**

**(خانزاد) چاوی پڕگریان بوو، دەستی منداڵێکی گرتبوو، ئەوی تریشی لە باوەش بوو، سەرێکی بادا و منداڵەکەی باوەشی توندتر بەخۆوە گرت**

# بۆچی پیاوێکی پیر؟

ژنەکە لە ڕارەوێکی فەرمانگەکە لەسەر کورسیەك بەکەساسی دانیشتبوو، دیاربوو فەرمانبەرەکە پێی گوتبوو کە جارێ دابنیشێت تا خۆی بانگی دەکات، ئەویش وەك ئەوەی خووی پێوەگرتبێت لچێکی عەباکەی بە نیوەی دەموچاوییەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی ئەو بەشەی دەموچاوی کە لێوەکان و لووت و لارووەمەتێکی بوون دیار نەبن. بە ڕێکەوت لە تەنیشتەوە لەسەر ئەو کورسییە درێژەی کە بۆ هاوولاتییان دانرابوو لەسەری دانیشن، منیش چووم دابنیشم.

دوای چەند چرکەیەك وەك ئەوەی هەردووکمان حەزمان لە دواندنی یەکتر بێت، کەوتینە قسە، سەرەتا ئەو گوتی: لە بەیانییەوە لێرەم هێشتا ئیشەکەشم تەواو نەبووە، نازانم کاری ناو فەرمانگەکان بۆ وا درەنگ رادەپەڕێنرێت و ئەو خەڵکە بۆ هێندە ئازار دەدەن. ئینجا درێژەی دایە و گوتی: هاتووم ناسنامەکەم بگۆڕم و ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تر



دەربێنم، ئینجا پرسی ئەی تۆ؟ منیش گوتم: کارێکی تایبەتیم هەیە و چاوەڕێی تەواوکردنیم، بەڵام بۆچی ناوی مێردەکەت ڕەش دەکەیەوە، خۆ تەڵاقی نەداویت؟ گوتی: با دەمێکە نزیکەی ساڵێك دەبێ، تەڵاقی داوم، ئەگەر حزت لێی بێت بۆتی دەگێڕمەوە. گوتم: زۆرم پێخۆشە کە بەسەرهاتەکەت بزانم. ئیتر ئەویش بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی: گەنج بووم، تەمەنم (٢٣) ساڵێك دەبوو، لەسەر تاقەت و شەنگ و جوانی خۆم دابووم. باوکم مردبوو، من و دایکم و دوو سێ خوشك و دوو برا بووین، من کاروباری ماڵەوەم ڕادەپەڕاند، هەر لە جل شتن و کوڵ کردنەوە بگرە تا ماڵ پاککردنەوە و چێشت لێنان. ڕۆژێك غازمان نەمابوو، توانای کڕینی غازیشمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی گرانی بوو، ئێمەش بۆ هەموو شتێ هەر پرێمزمان بەکار دەهێنا، بۆ ئاو گەرم کردن، بۆ چێشت لێنان و بۆ زۆر شتی تر. ڕۆژێك ویستم پرێمزەکە هەڵکەم، پەمێکی زۆرم لێدا هەڵنەبوو، نەوت فیچەقەی دەکرد و شقارتەم لێدەدا هەڵنەدەبوو، منیش هێندەی دیکە پەمپم لێدەدا و شقارتەکەم لێ نزیك دەکردەوە، لەپڕ هەر هێندەم زانی گڵپەیەکی کرد و هەروژمی ئاگر بۆ دەمو چاو هات و لەبەر خۆکشاندنەوە پشتاوپشت بەربوومەوە. دەموچاوم هەمووی بووە دوکەڵ زانیم دەموچاوم سووتا، بەڵام جارێ خۆم نەدیتبوو، کە مەشخەڵە ئاگرەکە بۆم هات، منیش زیرەم لێهەڵسا، دایکم یەکسەر گەیشتە فریام. دەوروداوسێ کۆبوونەوە و یەکێ لە دراوسێیەکانمان ئۆتۆمبێلەکەی بە ئیش خست و خەڵکەکە بە پەلە منیان گەیاندە نەخۆشخانە و لەوێ داوای ئاوێنەیەکم کرد و ئەوجا ڕووخساری خۆم بینی و زانیم چیم لێقەوماوە و چۆن تووشی کارەسات هاتووم. پزیشکەکان لە نەخۆشخانە خەواندیانم و دەستیان بە چارەسەرکردنم کرد، نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە و پاشان کە دەریشچووم مانگێکی تر خەریکی تیمارکردنی برینەکانی دەموچاوم بووم. دەموچاوم زۆر نەسووتابوو، تەنیا لێوەکانم و سەری لووتم و لاڕوومەتێکم نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ناشیرینی کردبووم لووت و لێوی سەرەوەم بوو. کە بەتەواوەتیش چاك بوومەوە، جوانییەکەی کوشتم، شەو ورۆژ سەیری ئاوێنەم دەکرد و خەم و خەفەتم دەخوارد و دەگریام. پێش سووتانم هەفتە نەبوو خوازبێنیم نەیەت، بەڵام من دەمگوت جارێ مێرد ناکەم، دایکم بەجێ ناهێڵم. کە دووچاری سووتانیش هاتم، تەمەنم گەیشت بە (٣٢) ساڵی ئینجا توانیم مێرد بکەم. ئەویش دوای ئەوەی دایکم مرد و خوشکەکانم مێردیان کرد و دوو براکەشم ژنیان هێنا و ئەو خانووەی هەمان بوو، خوشك و براکانم هەموویان لە بەشە میراتی خۆیان خۆش بوون و دایانە من و خانووەکەیان بەناو کردم. یەکێك لە براکانم کە ژنی هێنابوو گوتی: ناهێڵم بەتەنیا بیت، تاوەکو بۆخۆت مێرد دەکەیت من لەگەڵت دادەنیشم و چاوم لێت دەبێت. ئەوجا بەراستیش وابوو، زۆر بە پەرۆش بوو بۆم و چاوی لێم بوو، تاوەکو پیاوێك کە تەمەنی (٥٢) ساڵێك دەبوو، ژنیشی هەبوو، بەڵام ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دەیویست ژنێك بێنێت، منداڵی ببێت، هاتە خوازبێنیم، من سەرەتا ڕازی نەبووم، بەڵام پاشان کەسوکار و ناسیاو گوتیان: بەخوا وا باشە بۆخۆت مێردێك بکەی و لە ماڵی مێردی خۆت بە قەدر و قیمەت بی و لە دەست تەنیایش ڕزگارت دەبێت، باشترە لەوەی وا بمێنیتەوە. هیچ نەبێ بۆخۆت منداڵێك دوانت دەبێ و پاشان بۆخۆت پێیان دەخافڵێی. براکەشم هەر وای دەگوت و پێی گوتم: ئەگەر حەزیشت کرد هەر لەو خانووە بمێنیەوە، ئەوا من دەچمە دەرێ، ئەگەرنا ویستت لەگەڵت دادەنیشم، ئەگەر حەزیشت کرد بچیە لای مێردت و لەلای ئەو، لە خانووی ئەو جا ئەگەر خانووی بە کرێ بوو یان هی خۆی بوو، دابنشی هیچ ڕێگریت لێناکەم، ویستت خانووەکەت بە کرێ بدە و من خانوویەکی دیکە بە کرێ دەگرم،ویستت من لەناوی دەمێنمەوە هەتا تۆ پێتخۆش بێت. منیش گوتم: برام چۆن دڵم دێت بەتۆ بڵێم بڕۆ دەرەوە و بۆخۆت خانوو بگرە، بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەڕاستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێك کە ئیدی گەنجێك نایەتە داخوازیم کە من ئێستا وا لە سیم تێپەڕاندووە، ئەگەر لەو یەك دوو ساڵەش مێرد نەکەم ئیتر کەس نامخوازێ مەگەر کابرایەکی پیر نەبێت، بۆیە منش ڕازی بووم مێرد بەو پیاوە بکەم. کە مێردم کرد خانووەکەم بۆ براکەم بەجێهێشت. نزیکەی حەوت هەشت مانگ لەلای مێردم مامەوە سکم نەبوو، پیاوەکەم هەموو ڕۆژێ پرتەو بۆڵەی دەکرد، ژنەکەشی (هەوێیەکەم) دەیگوت: باشە تۆ خۆت لە ئاوێنەدا دیوە، ئەگەر جوان بای ئەو پیاوەش نەتیدەخواست، ئەوە لە نەزۆکیشت هەر گەڕێ، کابرا تەنگەتاوی منداڵ بوو، ژنەکەش واتە هەوێیەکەم وەك دوژمن لە بۆسەم دابوو، بیست و چوار سەعاتی خودای ئەوە ململانێی دەکردم و توانج و قسەی بریندارکەری پێدەگوتم، ئاخیریەکەی مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێك و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ. کابرا بەتەواوەتی لێم ساردبۆوە، پاش ساڵێك و هەندێك گوتی: من تۆم ناوێت. تەڵاقی دام، براکەشم لە ڕقان پارێزەرێکی بۆ گرتم و ئەویش هەموو هەقەکانی بۆم وەرگرت. ناچار گەڕامەوە ناو خانووەکەم لای براکەم، پێکەوەین ئەو ژن ومنداڵی هەیە و منیش بە منداڵەکانی غافڵ بوویمە، براکەم و براژنەکەم لەگەڵم زۆر باشن، لە خوای بەزیاد بێ، منداڵەکانیش زۆر هۆگرن و بەردەوام لای منن، ئیتر سەبووریم بەوان دێت و جارێکی تر بیرای ببڕ مێرد ناکەمەوە بۆیە لێرەشم هاتووم عەرز و حاڵێکم نووسیوە بەڵکو ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تازە دەربێنم.

**بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەڕاستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێک کە ئیدی گەنجێک نایەتە داخوازیم**

**مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێک و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ**

# فاتیمە بەنیس ((نووسەر و شاعیری مەغریبی)) بۆ گوڵان:



# تراژیدییایەکی گەورەیە شەرەف و ئاکاری کۆمەڵایەتی لە منداڵدانی ژناندا کۆبکەیتەوە

• • •

***(فاتیمە ئەلزەهرا بەنیس) یەکێکە لە شاعیرە مەغریبییە نوێخوازەکان، جێ پەنجەیەکی دیاری لە نێوەندی ڕۆشنبیری مەغریبیدا هەیە، خانمی (بەنیس) خودان سەلیقەیەکی جوانە لە نووسینی (پەخشانە قەسیدە) ڕۆژنامەگەری مەغریبی لەبەر لێهاتووی لە شعر نووسیندا لەقەبی (فاطمة الشعر) یان پێ بەخشیوە، (فاتیمە) جگە لە شعر بە وتاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریش بەشداری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە مەغریبی و جەزائیرییەکان دەکات، لە شعر و وتارە ئەدەبییەکانیدا واقیعی تاڵی ژیانی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی موعالەجەکردووە، لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی ژێندەریشدا چالاکە، خانمی (بەنیس) ئێستا سەرۆکی کۆمەڵەی (اصدقاء لورکا)یە، کە خودانی ناوبانگێکی گەورەیە لە نێوەندی ڕۆشنبری مەغریبیدا، هەفتەنامەی (گوڵان)، لە درێژەی خستنەڕووی ڕاو سەرنجی ئەکادیمیست و میدیاکار و نووسەران لە بارەی مژارە هەنووکەییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات، ئەم دیمانەیەی لەگەڵ (فاتیمە بەنس) سازدا.***

• • •

*** پرسی ناموس لە ڕۆژهەڵاتدا پرسێکی هەستیارە، ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەت کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەردەم شەرەف و پێگەی کۆمەڵایەتیان بە ناموس و ئاکاری ژنەوە دەبەستنەوە، تۆ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەڵێ ئێمە هەر کە چاومان بۆ ژیان هەڵدەهێنین کۆمەڵگەیەك دەبینین کە هەموو کیان و شوێن پێی خۆی لە ناموسی ژنەکانیدا دەبینێتەوە، کۆمەڵگەیەك تا پێی بکرێ گەمارۆی ئافرەتان دەدا و ئیرادەیان لێدەسێنێتەوە و دەیانکاتە پاشکۆ و زەلیلی پیاوان، تاك و خێڵی ڕۆژهەڵاتی چەند هەست بکات مێینیەکانی لە چێژ و خۆشییەکانی ژیان دوورن، ئەوەندە هەست بە دڵنیایی لە شەڕەف و ناموسی دەکات، بەڵام کاتێك ژنان ئەو واقیعە ڕەتدەکەنەوە و دەیانەوێ لە بازنە داخراوەکە بێننە دەرێ، ئەوکات

بەریەککەوتن لەگەڵ هزری نێرینەدا ڕوودەدات و شەڕی مان و نەمان دەست پێدەکات.

تراژیدییایەکی گەورەیە هەموو نووشستی و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەکەت وەلابنێیت و شەرەف و ئاکاری کۆمەڵایەتیت لە منداڵدانی ژناندا کۆ بکەیتەوە، وەك ئەوەی هەموو ئەوانەی ڕوویانداوە پەیوەندییەکیان بە ناموس و دابی گشتییەوە نەبێ!!

بێگومان فاکتەرەکان زۆرن، نەشئەی سەرەتایی تاك و کەڵەکەبوونی پاشخانی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەموویان بەیەکەوە بنکەیەکی هزری هەڵیان بونیاد ناوە، هەر لە وێوەش زۆرینەی نەهامەتییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات سەرچاوە دەگرن.

*** پیاوان لە پێناو پەردەپۆشکردنی خراپی و کەمووکورییەکانیان ناموسی خۆیان و بنەماڵەکانیان بەشەرەفی ژنەکانیانەوە گرێدەدەن، لە کاتێکدا گەر تۆ لە ڕووی زانستییەوە تەماشای چەمکی ناموس بکەی دەبینیت چەند ئاکارێکی دیکەی وەك درۆ و دزیکردنیش دەگرێتەوە، بەڕای ئێوە هۆکارەکە ئاینییە یان عادات و تەقالیدی کۆمەڵگە؟**

-زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕواڵەتدا موحافیزکارن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەر بارد و ناهاوسەنگن، کێشەیەکی هەرە گەورە بە یاسابوونی عورف و عاداتە کۆمەڵایەتییەکانە، عورف و ترادسیۆنەکان ڕێچکەیەکی ترسناکیان لە هەناوی ئەو کۆمەڵگانەدا گرتووە، بوونەتە دەسەڵاتێکی بەهێز لە سزادانی ژنان، دەسەڵاتێك هیچ پەیوەندی بە مەرجەع و بنەما ئاینییەکانەوە نییە، هێزی تەواو ڕێ لە یاسایی خێڵەوە وەردەگرێ کە ئەویش جیاکاری ڕەگەزی قوڵتر دەکا و زوڵم و ستەم گشتگیر دەکا بێ ئەوەی کەسێك بتوانێ قسەیەك بکات، بەڵام ئەگەر ئافرەت سەرپێچییەکی بچووکیش بکات، وەك ئەوە وایە قیامەت هەڵسابێ و دەبێ توندترین سزا وەربگرێت.

*** لە ڕوانگەی گۆڕانگارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکانەوە، پێت وانییە پێویستمان بە پێناسەیەکی نوێی ناموس هەیە؟ ئەگەر وایە پێناسەی تۆ بۆ ئەم چەمکە چییە؟**

- بە بڕوای من ناموس بریتییە لە پارێزگاریکردن لە جەوهەری مرۆڤ بوون ، دوورکەوتنەوەیە لە نیفاق و دووڕوویە کۆمەڵایەتییەی کە ئەمڕۆ بۆتە هەوێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ناموسی مرۆڤ لەوەدایە کیانی خۆی نەخاتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە مادییەکان، مرۆڤ خۆی سەردار و خاوەنی زاتی خۆی بێ، بێگومان من هاوڕام لەگەڵ تەرحەکەی ئێوە، ڕۆژهەڵات نەك هەر لە پرسی ناموس بەڵکو لە چەندین پرس و مژاری دیکە پێویستی بە وردبوونەوە و پێناسەی نوێ هەیە.

*** وەك ئاماژەمان پێدا ئەو بیرکردنەوە هەڵەیە لە پێناو باڵادەست بوونە بەسەر ژنان و شاردنەوەی لایەنە نەنگ و لەرزۆکەکەی پیاوانە، ئێوە چۆن شرۆڤەی ئەو حاڵەتە دەکەن بەتایبەت کاتێك کۆمەڵ جەستەی مێینە بە گوزارشت کردن لە کەسایەتی پیاوان دەبەستێتەوە؟**

- واقیعێکی تاڵە، سەرچاوەی دەیان ئاریشە و نەخۆشی کۆمەڵایەتییە، قووڵکردنەوەی ئایدیای جیاکارییە، ڕێگەدانە بە پیاوان بە ئارەزووی خۆیان ئەوەی دەیانەوێت بیکەن بێ ئەوەی کەسێك هەبێ لێ پێچینەوەیان لەگەڵ بکات، بە دڵنیاییەوەش هەموو ئەوە لەسەر حیسابی ڕەگەزی مێینەیە، کە بۆتە قوربانی کردار و بیرکردنەوە هەڵەکانی نێرینەو لەسەر بچوکترین کردار لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

*** زۆرێك لەو ژنانەی کوردستانیان جێهێشت و لە ئەورووپا گیرسانەوە، عادات و تەقالیدی وڵاتەکەیان بۆ ئەوێ گواستەوە، بێگومان جیاوازی کلتووری و کۆمەڵایەتی گەورەیان لە نێواندا هەیە، من دەپرسم کاتێك بەرکەوتن لە نێوان هەردوو کلتووردا دروست دەبێ چی ڕوودەدات ئایا ڕۆژئاوا چۆن تەماشای ئەو حاڵەتە دەکات؟**

زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕواڵەتدا موحافیزکارن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەربار و نا هاوسەنگن



ناموس لای من ئەوەیە مرۆڤ خۆی سەردار و خاوەنی زاتی خۆی بێ

- ئەوروپا ئەو بەهەشتە گوڵینەوە میسالیەنییە کە ئێمە خەیاڵی دەکەین، لەوێش ژنان ڕووبەڕووی جیاکاری و توندوتیژی دەبنەوە بەڵام بەشەکڵ و شێوازی جیاوازتر، دیدگای ڕۆژئاواییەکان بۆ کەلتوور و تەقالیدی ئێمە دیدگایەکی گشتگیر نییە، ئەوان هەر یەکە و بەشێوەیەك، ڕۆژهەڵات دەبینن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیش کۆ دەنگییەك لە ڕۆژئاوا هەیە لەسەر نەزانی و دواکەوتووی تاکی




ڕۆژهەڵاتی، گەر باس لەو دەیان هەزار ئافرەتە مەغریبییە بکەم کە ئێستا لە ئەوروپا نیشتەجێن دەبێ ئەوە بڵێم ئەوان لە نیشتمانەکەی خۆیان لەبەر زوڵم و جیاکاری هەڵاتوون و لەوێش ڕووبەڕووی بەربەککەوتن و جیاوازی کلتووری و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، بەڵام وەك خۆیان بۆیان باس کردووم دەڵێن( هەر چۆنێك بێ ژیانی ئەوروپا لە واقیعە تاڵەکەی لای خۆمان باشترە).

خوێندەواری و هۆشیاری ژنان لە پاشکۆیەتی قوتار دەکات

هەڵوێستی ڕۆژئاواییەکان لە هەمبەر ئەو ئافرەتانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە، هەڵوێستێکی ئینسانی و جوانە، ئەوروپییەکان، بەتاك و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتەوە پارێزگاری لە ئافرەتە چەوساوەکان دەکەن و مافیان دەسێنن، بەڵام لە ڕۆژهەڵات تەنیا دان بە خۆداگرتن و بێدەنگی بە گوێچکەی ژناندا دەدرێ.

**• کاریگەرییە خراپەکانی ئەو ڕوانگە هەڵەیە لەسەر کۆمەڵگە چییە؟**

- لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا شەرعییەت بە زوڵم و چەوساندنەوە دەدرێ، جیاکاری ژێندەریش دەبێتە حاڵەتێکی ڕێپێدراو، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە هەستی ڕق لێبوونەوە لە ناخی ئافرەتان بەتایبەت خوێندەوار و هۆشیارەکان دەروێ، ئەو هەستەش یان بە تۆڵە کردنەوە لە پیاوان کۆتایی دێت، یان دەبێتە گرێ و نەخۆشی دەروونی و ئافرەتەکە تا کۆتایی ژیان پێوەی دەناڵێنێ.

**• کەواتە ڕێگە چارە چییە بۆ ڕزگاربوون لەو ئیشکالیەتە و دارشتنی پێناسەیەکی نوێ کە هاوتا و تەریبی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بێ؟**

-نەزەری هەڵەی ڕۆژهەڵات لەهەمبەر چەمکی ناموس لە باڵادەستی هزری نێرینەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەویش هێزی خۆی لە خێڵەوە وەردەگرێ، بۆیە یەکەم هەنگاو و ڕزگاربوونە لە باڵادەستی پیاوان , بێگومان ئەوەش خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردنی ژنانی گەرەکە کە لەوێوە دەرگەی کارکردن و چوونە دەرەوە بۆ ژنان دەڕەخسێ، کارکردن و سەربەخۆیی ئابووری پاڵپشتێکی بەهێز دەبێ لە کەمکردنەوەی هەیمەنە و جەبەرووتی نێرینە، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەبەست و دەڵێم، خوێندن و هۆشیاری، ژنان لە پاشکۆیەکی پیاوان قوتار دەکات.




(شێرزاد) بڕیاری وابوو ئەو نیوەڕۆیە بچێتەوە ماڵەوە نانی نیوەڕۆ بخوات، پێش نیوەڕۆیەکەی بە تەلەفۆن بە (سازان)ی گوتبوو کەوا ئەو ڕۆژە لە دەرەوە نانی نیوەڕۆ ناخوات، بەڵام (سازان)یێی گوتبوو کە تاقەتی خواردن ئامادەکردنی نییە و بۆخۆی وەك ڕۆژانی تر لە دەرەوە نان بخوات. (شێرزاد) داخێکی هەڵکێشا و لەبەرخۆیەوە گوتی: بزانە تووشم بە تووشی چ ژنێك بووە، ئاخر بووە ژن خواردن بۆ مێردی ساز نەکات!؟ باشە تۆ چ کارێکت هەیە لە ماڵەوە تەنیا سێ منداڵی بچوکت هەیە و ئەوانیش هەر پێویستیان بە چێشتێك و خواردنێکە!؟ ئاهێکی هەڵکێشا و چووە سەر کارەکەی خۆی، نیوەڕۆ سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو بەرەو ماڵەوە چووە بەتەماحی ئەوەی ژنەکەی خواردنێکی خۆشی بۆ لێنابێت، کە چۆوە دەستە و پلی شوشت و بە ژنەکەی گوتی: کوا دەبێنە خواردنەکەم بۆ بێنە زوو، زۆرم برسییە، کەچی ژنەکەی گوتی: ئەی باشە نەمگوت لە دەرەوە وەکو ڕۆژانی تر نانی خۆت بخۆ، پێم ئامادە ناکرێت. (شێرزاد) باوەڕی بە قسەکەی نەکرد هەر وایزانی بەگاڵتە ئەو قسەیە دەکات، ئەوەبوو قسەکەی خۆی دووپات کردەوە، بەڵام هەمان وەڵامی وەرگرتەوە. (شێرزاد) کە زانی بەڕاستیەتی و هیچی ئامادە نەکردووە و هیچ حسابێکی بۆ قسەکەی نەکردووە، بووە دەمە قاڵێیان و پێی گوت: ئاخر من شەو



# تاوانبـــاری راستەقـــینەیە؟

و رۆژ خەریکـــی کارکردن و نان پەیداکردنم بۆتان، تۆ کە نیوەڕۆیەك نانێکی گەرمم بۆ ساز نەکەی، پێمناڵێی کارت چییە؟

(ســـازان)یش لە جیاتی ئـــەوەی دان بە هەڵەکـــەی بنێت کەچـــی پێیگوت: ئەریٚ مـــن خزمەتـــی منداڵت بکـــەم، خزمەتی تۆ بکەم، چێشـــت لێبنێـــم، چەند کارت بۆ بکەم؟ ئـــەم وەڵامەی (ســـازان) هێندەی دیکـــە هەرایەکەی گـــەورە کـــرد و بووە شەڕیان. (شـــێرزاد) پەلاماری (سازان)ی دا و چەند مســـتێکی خێواندیٚ، بووە قیژە و هات و هاوار دراوســـێکانیان گوێیان لەو دەنگـــە دەنگ و هەرایەیـــان بوو، یەکیٚ لە دراوسێکانیان ماڵی مامۆستا (وەهاب) بوو، ئەویش لەبەر پەرۆشی دراسێیەتیان لەگەڵ (خەسرۆ)ی زاوای و (مشیر)ی دراوسێیان هەرســـێکیان لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە و بزانن ئەو هەرایە چییە. مامۆستا (وەهاب) و (خەسرۆ) لەیەکیان پرسی و پاشان کە زانیان شـــەڕیانە، گوتیان با بچینە ناوبژیوانیان. ئەوە بـــوو دەرگایان کردەوە و چوونە ژوورەوە دیتیان (شێرزاد) بە سۆندە کەوتۆتە گیانی (ســـازان)ی خێزانـــی. هەرچۆنێـــك بێت (سازان)یان لە ژێر دەســـتی دەرهێنا. ئیتر بـــا بزانیـــن دوای ئەوەی کە (ســـازان)یان لە بـــن دەســـتی دەرهێنا و (شـــێرزاد)یان دوورخســـتەوە کێشـــەکە بەچی گەیشت، با لێیگەڕین مامۆســـتا (وەهـــاب) بۆخۆی بۆمان بگێڕێتەوە. مامۆســـتا (وەهاب) لە گێڕانەوەی شەڕەکەدا بەمشێوەیە قسەی کرد و گوتی: کە (شـــێرزاد) مان دوورخستەوە، گوتمان ئەوجا (ســـازان) نەرمی دەکێشیٚ و ئێمەش بە قســـەی خۆش و بە ئامۆژگاری هـــەردوولا ســـارد دەکەینـــەوە و پێکیـــان دەهێنینەوە و (سازان)یش زیاتر ئامۆژگاری دەکەین. بەڵام هەر هێندەی زانیمان (سازان) دەســـتی بە جنێودان کرد. بەڵام جنێوی زۆر ناشیرین و نابەجیٚ و گوتی: ئێستا تەلەفۆن بـــۆ براکانم دەکـــەم و بێن (وەهـــا وەهات) لێبکەن. زۆری هەڕەشـــە لێکرد. (شێرزاد) کە ئەو جنێوە ناشیرینانە و ئەو هەڕەشانەی لە ژنەکەی لە پێش ئێمە بیســـت، بەڕاستی زۆری شەرم بەخۆدا هاتەوەو ئارەقەی رەش و شـــینی کرد و سوێندی خوارد و ئێمەشی لەســـەر سوێندەکە کردە شـــایەت و گوتی: لەسەردەستی ئەو شایەتانە گەر براکانت بێن، من لە پێش براکانت تەڵاقت بدەم، مادام تۆ ئەو هەموو قسە ناشیرینانەت کرد.

دوای چارەگە ســـەعاتێك دوو لەبراکانی هاتن و کەهاتنە ژوورەوە و یەکسەر پڕیاندایە (شـــێرزاد) و بووە شەڕە مسیتان. ئەوان دوو کـــەس بوون و بـــە دوانیش هێرشـــیان کردە سەر. بەراســـتی پێمان ناخۆش بوو، چونکە لەسەرێکەوە بەدوان تاویان دایە، لەسەرێکی تریشـــەوە نەدەبوایـــە بەبـــیٚ پرســـیارکردن یەکسەر بە قسەی خوشـــکەکەیان بکردایە. بەلایەنـــی کەمەوە کە هاتنە ژوورەوە دەبوایە بیانپرسیایە کە هۆی شـــەڕەکەیان چییە و گوێیان لە هەردووکیان بگرتایە. بەتایبەتیش ئەگەر بیانزانیبایە خوشـــکەکەیان خەتابارە، فشـــاریان بخستایەتە ســـەر ئەو و یەکسەر لەســـەریان نەکردبایەوە. بەڵکو ئەگەر بۆیان دەربکەوتبایە کە هەڵەکـــە بەهۆی ئەوەوەیە پشتگیریان لە مێردەکەی بکردبایە بۆ ئەوەی پارێزگاریان لە شیرازەی خێزانیان بکردبایە و ژنەکەشی دەســـتی لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە هەڵبگرتایـــە. بەهەرحاڵ کە دیتمان هەردوو برا بۆ (شـــێرزاد) چوون و من و (خەسرۆ)ی زاوام و (مشـــیر)ی دراوســـێمان بۆیان چووین و (شێرزاد)مان پاراست و نەمانهێشت دەســـتی لێوەبەشێنن. هەوڵیشـــیماندا ئەوان ســـارد بکەینەوە و دابنیشـــن بە گفتوگۆ و بەتەگبیر کێشـــەکەیان چارەســـەر بکەن. بەڵام (شـــێرزاد) کە دیتی ئەوانە بیٚ سیٚ و دوو لەسەر خوشکەکەیان دەکەنەوە، زۆری هەســـت بە غەدر کرد و دیـــار بوو زۆری پیٚ تێکچوو و لـــە حەژمەتان ئێمەی کردە شـــایەت و لە پێش براکانی ژنەکەی تەڵاق دا. کە تەڵاقی فڕێدا براکانیشـــی هێندەی دیکە شـــێتگیر بوون و دووبارە پڕیان دایەوە و دیسان یەخەگیری یەکتری بوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی مەترســـی بـــوو یەکیٚ لە براکانی (سازان) دەمانچەی پێبوو کە ئێمە نەماندەزانی و تـــا ئەوکاتیش دەمانچەکەی شاردبۆوە و دەرینەهێنابوو، بەڵام کە یەخەی یەکتریان گرتەوە ئەو برایەیان دەمانچەکەی دەرهێنا. بەڵام پێدەچوو (شـــێرزاد) پێشـــی

ئێمە هەستی پێکردبوو، بۆیە زوو پڕی دایە، برای ژنەکەی هەر هێندەی پڕاگەیشت دەمانچەکە سوار بکات، (شێرزاد) توانی دەستی بگرێت براکەی دەمانچەکەی لە دەستی بوو، (شێرزاد) یش توند دەستی ئەوی گرتبوو، دوو سێ گوللە هەر لەناو دەستیان تەقێنرا، بەڵام بەکەس نەکەوت. ئێمەش شێوابووین نەماندزانی چی بکەین، گاڵتە لەگەڵ دەمانچە ناکرێت، هی ئەوە نەبوو لێیان بچینە پێش، براکەی تری ژنەکەی (شێرزاد) نازانم خوترمەیەکی لە کوێ پەیدا کربوو، لە (شێرزاد) چووە پێشەوە دوو سێ خوترمەی توندی خێواندە پشتی و (شێرزاد) زۆر رەنگ و رووی پێتێکچوو وەکو بڵێی ئاگر لە چاوی بەربووبێت، دەستی توند هەر لەسەردەستی براکەی تری (سازان) بوو کە دەمانچەکەی لە دەست بوو، رووی لەخۆی وەرگێڕا و بەرەو لای براکەی تری کە خوترمەیەکی لەدەست بوو، بەڵکو بیبینێ و ئەگەر خوترمەیەکی دیکەی لێبدات بەڵکو خۆی لێ دەرباز بکات، لەگەڵ خۆ سوڕاندنی، دوو گوللە لە دەمانچەکە تەقی و یەکێکیان بەسەر دڵی و ئەویتریان بە گەرووی براکەی ژنەکەی کەوت و دەموودەست بەربۆوە. ئینجا لەم هێنان و بردنە و لەم خۆراتەکاندنەی هەردوولا کە ئێمەش نەدەوێراین، بچینە پێش، هەردووکیان بەربوونەوە و گوللەیەکی دیکەش تەقی ئەویش بە سینگی ئەو برایەی کەوت کە دەمانچەکەی لە دەست بوو، بەمجۆرە دەمانچەکەی لەدەست بەربۆوە، ژنەکەی (شێرزاد) کە چاوی بەو هەموو خوێنە کەوت و دیتی دوو برای کەوتنە سەر زەوی و ئەو ناوە هەمووی بووە خوێن، کردیە قیژە و هاوارێك نەبێتەوە، چووە دەرەوەی ماڵ و خەڵکی گەڕەکی کۆکردەوە. دوای ماوەیەك کە نازانم چەند بوو پۆلیس هات و بە حەوشەکە وەربوون، ئەو برایەی کە دەمانچەکەی لەدەست بوو هێشتا مابوو، دەیتوانی قسە بکات، لەسەر هەموو حاڵانیش ئەوجا هێشتا (شێرزاد) پەرۆکێکی گەورەی خستبووە سەر برینەکەی و هۆڕ هۆڕ دەگریا و فرمێسکانی دەرشت، بەراستی ئێمەش سکمان پێی دەسوتا، کە لەپای ژنێکی وا خراپ و نابەرپرسیار ئەو کابرایەی بەو رۆژەگەیاند. کە پۆلیسەکان گەیشتن ئەفسەرەکە کە گەنجێکی زۆر رێك و پێك و تێگەیشتبوو بوو، زانی چی قەوماوە فەرمانی دا (شێرزاد) ببەنەناو ئۆتۆمبیلێك کە مەدەنی بێت و لە هەراکەی دوورخەنەوە نەبادا کەسێك لەو دەموودەستە بێت زەبرێکی لێ بوەشێنێ و بەیەکێك لە رێپێدراوە لێکۆڵینەوەکانی کە لەگەڵی بوون گوت، برۆ لەگەڵ دوو پۆلیس لەناو ئۆتۆمبیلێکی مەدەنی ئەو ناوە پارێزگاری لێبکە و بەشێنەیی و هێمنیش، بەبێ فشار خستنە سەر و توندی نیمچە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەگەڵدا بکە و مەبەستت تەنیا وەرگرتنی زانیاری بێ. بەڵام لەکاتی پرسیار لێکردندا زوو زوو دڵی بدەوە و سەبووری پێ ببەخشە. ئەفسەرکە چووەلای ئەو برایەی کە بەك گوللەی پێکەوتبوو، بریندار ببو و هێشتاش هەر مابوو، هۆشی لەخۆی بوو، لێی نزیك بۆوە و فەرمانی کرد کە بە شێنەیی و وریایی و بە دەستوبردی هەڵیبگرن و بیگەیەننە نەخۆشخانە، کەچی براکەی (سازان) گوتی: کاکی ئەفسەر ئەوەی قەوماوە قەوماوە، هەڵەکە لە ئێمە بوو، بەڵام فیتنەکاری گەورە ئەو خوشکە نارەسەنەم بووە، کەلاکی ئەو برایەم وا لێرە لەبەردەم ئەم دەرگایە کەوتووە، بە گوللەی من و دەمانچەی من بووە، بریندابوونی خۆشم هەر بەهۆی خۆم بووە. ئەو قسانەم بنووسە و با هەموو ئەوانەی لێرەن ببنە شایەت، ئەگەر مام بەخۆم ئەو قسانە لە پێش دادگا دەکەم، ئەگەر مردیشم ئێوە لە جیاتی من بیکەن..

## دوای دادگایی کردن و برانەوەی کێشەکە

مامۆستا (وەهاب) ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و دەستی بە گێڕانەوەی ئەم بەرسەرهاتەی کرد و گوتی: ئەو نیوەڕۆیە هەموومان تاسابین، بەتایبەتی کابرایەك لەو ناوە خوێنی رژاو و سەری تیاچوو، یەکێکیش بریندار بوو، مەترسی کەوتبووە سەر ژیانی ئێمەش، خەریکبوو کە بۆ ناوبژیوانی چووبووین، سەرمان تیا بچێت، کە تەرمەکەیان هەڵگرت و بردیانە نەخۆشخانە ئەفسەرەکە داوای ئێمەشی کرد کە لە بنکەی پۆلیس ئامادەبین و گوفتاری خۆمان بدەین لەبەر ئەوەی شایەتی رووداوەکە بووین. ئێمە و چەند کەسێکی تریشیان بانگ کرد و ئێمەش چۆنمان دیتبوو، چیمان دیتبوو، وەها گوفتارمان دا. چۆن ژنەکەی کە پێی گوترا بوو نانی نیوەڕۆ ئامادە بکات و کابراش کە هاتبۆوە هیچ ئامادە نەکرابوو، ببووە کێشەیان و ژنەش گرفتەکەی گەورەتر کردبوو، تەلەفۆنی بۆ براکانی کردبوو، ئەوانیش لەگەڵ مێردەکەی کردبوویانە دەمەقاڵێ و دواتر هێرشیان کردبووە سەری و یەکێك لە براکانی دەمانچەی دەرهێنابوو، هەربەخۆشی تەقەی کردبوو، بە کورتی ئەوەی روویدابوو وەکو خۆی گێڕامانەوە، بنکەی پۆلیس بەدواداچوونی تەواویان بۆ رووداوەکە کرد، لەو ناوەش ئەو برایەی (سازان) کە بریندار ببوو براببووە هۆڵی نەشتەرگەری بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیی بوو، بۆ ئێوارەکەی گیانی سپاردبوو. پاشان کەسوکاری دیکەی (سازان) و (شێرزاد)یش بە مەسەلەکەیان زانی و هاتن، هەر ئەو رۆژە (شێرزاد) دەستگیرکراو رەوانەی بەندیخانە کرا، ئەو رۆژە بۆ ئەوەی دوژمنداری و هەڵە تێگەیشتن روو نەدات لە نێوان کەسوکاری هەردوولا، ئەفسەرەکە زوو، رووداوەکەی وەکو ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی لێکردبوو، بۆ کەسوکاری ژن و مێردەکە گێڕابۆوە و ئەوانیش چاوەڕێی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیان کرد و ئێمەش لەگەڵ مامۆستای ئاییینی گەڕەکەکەمان و لەسەر داخوازی (شێرزاد) خۆی پێش ئەوەی رەوانەی بەندیخانە بکرێت، بەشێنەیی و نەرمی بە جۆرێك کە هەردوولا هێمن و لەسەرخۆبن و رووداوەکە بە قەزاوقەدەر بزانن، رووداوەکەمان وەکو خۆی بۆ گێڕانەوە و مامۆستا هەر دوولای هێنایە قەناعەت کە وا بزنن لەهەردوولایان قەوماوە و پشتی یەك بگرن و پێکرا وا بکەن تازییەکە بەرێوەبەرن و ئاسەواری رووداوەکە کەم بکەنەوە. ئەوانیش پیاوانە جوڵانەوە و بە گوێیان کرد. کە هەواڵی مردنی کورەکەی تریشیان پێگەیشت تەنیا شوکرانە بژێری خودا بوون و پوختە و جوان تازییەکی هاوبەشیان دانان و هەر خۆشیان دوای تەواوبوونی تازییە چوون لە (شێرزاد) خۆشبوون و لە بەندیخانە دەریانهێنا. ئەوجا بەسەرپەرشتی و رێنمایی ئەو مامۆستایەمان (شێرزاد) تەڵاقەکەی چاك کردەوە و ژنەکەشی هێنایەوە ژێر نیکاحی خۆی، بەڵام بەراستی باوك و براکانی تری (سازان) تەواو تورە و بێزار ببوون لە (سازان) و دوو لە براکانی زۆریان سزا داو تەمبێیان کرد، کە دادگایش کرا، دادگا بڕیاری بێتاوان بوونی (شێرزاد)ی داو ئازادی کرد، کە کێشەی دادگایی و تازییە و ئەو شتانەیان تەواو بوو، (شێرزاد) لە شەرمان و بۆدووورکەوتنەوە لە یاد و یادگارییەکانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە، لەو خا نووەی کە رووداوەکەی تێدا روویدابوو، باری کرد و ئێستاش نەمانبینیەوە.

**هەردووکیان بەربوونەوە و گوللەیەکی دیکەش تەقی ئەویش بە سینگی ئەو برایەی کەوت کە دەمانچەکەی لە دەست بوو**